# کەمەی چاوم پێ لێك دەنێ

عەباس ساڵح عەبدوڵڵا

پایز گەڵاکانی

وەك ئاهەکانی تۆ وەری

زستان وەك چاوەکانی تۆ گریا

بەهار گوڵەکانی

وەك لێوەکانی تۆ کاڵ بوونەوە

هاوین تێر تێر عارەقەی ڕشت

کەچی ئەم شەوە نەهاتە تەواو نابێ

ناچار پەنا بۆ مەی دەبەم

کەمەی چاوم پێ لێك دەنێ

پەپولەی ڕۆحەکەت ئەفرێ

خۆی دەهاوێتە ژوورەکەم

بەکراسێکی سوری تۆخەوە

کراسەکەت لەڕەنگی لێوەکانت و

لە خوێنە ڕژاوەکەی من ئەچێ

*